# بەسەرکردنەوەی (زەنگی هەتاو) و خامۆشی شاعیر

کۆتایی ساڵی ١٩٨٧ بوو، کاتێك کەزۆربەی هەرە زۆری دێهاتەکانی کوردستانی باشوور وێران و خاپوور کرابوون، بەنووسراوێکی ڕەسمی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر، لەکۆمەڵگای (دێگەڵە)وە، بۆ شاری هەولێر گوێزرامەوەو لەقوتابخانەی (کۆماری سەرەتایی کوران) دامەزرام.. ئەو کاتە، مامۆستا (عومەر خامۆش)م ناسی.. ئەویش یەکێك بوو لەمامۆستایەکانی ئەو قوتابخانەیە. (خامۆش)، مرۆڤێکی هەست ناسك و نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز بوو. وێڕای چەند هۆنراوەیەکی منداڵان، زۆربەی سرووده نیشتمانیەکانی وەك: (دەمی ڕاپەڕین) و (چەند شیرینە لام دارو بەردی وەتەن)م و (خوایە وەتەن ئاواکەی).و، بەخوێندکارەکانی ئەزبەر کردبوو. هەرکە پشووی وانەکان دەستی پێدەکرد، یان وانەیەکی نەبووایە، لەژووری مامۆستایانەوە، دەستی بەقسەی خۆش و نوکتەو بەسەرهاتی سەیرو سەمەرەی

دەکرد.. جار جارەش بەدەنگە ناخۆشەکەی، گۆرانیەکانی (مامە گیانی مامە) و (ست فاتیمە) و (نازیلیێ)ی (عەلی مەردان)ی ڕەحمەتی‌و (ئازیز بەهارە)ی هونەرمەندی بلیمەت (شەماڵ سائیب)ی دەگوت و ئێمەش بەکۆڕس لەدوامان دەگێڕایەوە.

زەمانەو کۆمەڵگا، بەجووتە غەدرێکی گەورەیان لەو مرۆڤە هەست ناسکە کرد.. گەلێك جاران بەدەم گێڕانەوەی کۆژانەکانی خۆی، دەستی بەگریان دەکرد. هەر بەدەردی ئەو غەدرەش، تووشی چەندان دەردی کوشندەی تری وەك، (شەکەری) و نەخۆشییە دەروونیەکان بوو.. مخابن کەمتر لەساڵێك دوای ڕاپەڕین، لەسەرینی ئەو دەردانەوە، لەڕێکەوتی ١/٢/١٩٩٢دا، کۆچی دوایی کردو بەخامۆشی سەری نایەوە.

* * *

کۆمەڵە شیعری (زەنگی هەتا)، لەساڵی ١٩٧٩دا کەوتە بازاڕی چاپەمەنی کوردییەوە، ئەویێ ڕۆژێ من دەرەقەتی ئەم جۆرە بابەتانە نەدەهاتم –سەرنج و بۆچوون دەربڕین–، بۆیە بەنیازی خوێندنەوە وەدەستم هێناو پاشانیش، خستمە سەربارستایی کتێبەکانی ترمەوە... بەڵام ئەمسالە‌کە (واتە، بەهاری ١٩٨٩)، دەستم کرد بەدووبارە خوێندنەوەی دیوانەکان و نامیلکە شیعرییەکان، (زەنگی هەتاو)یش یەکێك بوو لەوان.. پاش خوێندنەوەی بەدیقەتی چەند جارەکی، کۆمەڵێك ڕاوو بۆچوون و تێبینیم لەلا گەلاڵە بوو.. کەوتمە سەر ئەو ڕایەی شتێکی لەسەر بنووسم، پاش ئەوەی پرسیاریشم کردو بۆم دەرکەوت کە تاکو ئێستاکە هیچ شتێکی لەسەر نەنووسراوە، بۆیە بڕیاری ئەوەمدا کە بەرەنجامی خوێندنەوەکەم بخەمە ڕوو، بەنیازی تیشك خستنە سەر لایەنە باش و خراپەکانی ئەم کۆمەڵە شیعرە. بێجگە لەوەش،

خاوەنەکەی بابایەکی بەلەنگازو گۆشەگیرە، تائێستاکە تاکە شیعرێکیشی لەگۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکاندا بلاۆنەکراوەتەوە.

بەرایی، ئەگەر بەچەند دێرێکیش بێت، باسی ژیانی شاعیر دەکەم، چونکە ژیانی ئەو، جوداوازییەکی فرەی هەیە لەگەڵ خەڵکانی ترو پڕە لەکۆژانی ئاڵۆزو تێکچڕژاو.. کەڕەسیسەبوونی ئەم کۆژانانەشە کەوای لێکردووە تووشی گرێ کوێرەی دەروونیو گۆشەگیری ببێت.

(عومەر شەریف ڕەسووڵ- خامۆش) لەساڵی ١٩٤٧و لەگوندی (عەبدوڵلاّ گوجیلان)ی نزیك بناری (قەرەچوغ) لەدایك بووە. لەساڵی (١٩٥٣)دا، لەگەرمەی هەراو هۆریای ڕاستبوونەوەی جووتیارانی ناوچەی دزەیی، بەماڵەوە چوونەتە گوندی (تیکالۆ) و دوو ساڵیش لەوێ ماونەتەوە. دەوروبەری (١٩٥٦)یش، هاتوونەتە شاری هەولێر. سالاّنی (١٩٦٧-١٩٦٨)، قۆناغی خوێندنی (خانەی مامۆستایانی) تەواو کردووە. لەو ساوە تاوەکو ئێستا –بەهاری ١٩٨٩- مامۆستایەو، بیست ساڵێك دەبێت ژیان لەگەڵ تەباشیرو تەختە ڕەشەو منداڵاّندا دەباتە سەر. لەساڵی (١٩٦٦)ەوە، خودوی خۆی داوەتە نووسین، بەتایبەتیش شیعر. بووەتە شوون هەڵگری فکرەی (عەبەسیەت و وجوودییەت).

(عومەر خامۆش) دەڵێت، شانۆگەری (ئاواتی نێژراو)م لەساڵی (١٩٧٢) نووسی، کە ناوەڕۆکەکەی لەسەر ڕاپەڕینی جووتیارانی دزەیی بوو، بەلاّم لەبەر ماڵ گواستنەوەو جێگیر نەبوونم لەشوێنێکدا، ئەم دەستنووسەم فەوتا. پەخشانی (ڕازی دێوانەیەکی نەناسراو)م لەساڵی (١٩٧٣)دا نووسیو نزیکەی (٣٠) لاپەڕە دەبوو، وەختی خۆی بەمامۆستا (محەمەد مەولود مەم)م نیشانداو زۆریشی ڕا لێبوو، بەلاّم

ئەویش فەوتا. کۆمەڵە شیعرێکیشم ساڵی (١٩٧٧) سووتا. لەشیعرە سووتاوەکانم، تەنها ئەو دێڕەم لەبیر ماوە:

**جریوەی ئەختەری خەندان لەساماڵی وەکو زیوا**
**ڕازێك ئەخاتە ناو دڵم گەش و بڵندە وەك هیوا**

ئەگەر نەخۆشیو تەنگ و چەڵەمەی ژیان نەبووایە، هەر بەوەندە (زەنگی هەتاو) قایل نەدەبووم، لەوانە بوو شتی باشتر بنووسم)[١].

شیعرەکانی بەرایی خامۆش، یان ڕوونتر بڵێین، قۆناغی یەکەمی شیعر نووسینی، زێتر لەخودی خۆی دەدوێت و کەوتۆتە ناوگێژاوی ڕۆمانسیەت.. بەگیانێکی ئاڵۆزکاو و هزرێکی تێکچڕژاوەوە، بیر دەکاتەوەو هەر بەو شێوازەش بەهۆنراوە گوزارشت لەژیانی خۆی دەکات.

**نەخێر ناتوانی ئەی یارم**
**دەرم بێنی بەئاسانی**
**لەسەنگەری گۆشەگیریم**
**تەفرو تووناکەی ئازارم.**
**لەجیهانم چی ئەزانی؟**
**ڕاهاتووم هەروەها بژیم!**

(زەنگی هەتاو. ل٤).

١-ئەو زانیارییانەم لەچاوپێکەوتنێك دا لەگەڵ (خامۆش)ی شاعیر لەڕێکەوتی ٥/١١/١٩٨٨، دەستگیر بوو.

ڕەشــبینی، ســیمایەکی گرنگــە لەســیمایەکانی ڕۆمانــسیەت، (خــامۆش)یــش کەنوقمی ئەو تەوژمە بووە، ناتوانێت گەمی دەربــاز بــوون لــەدەریای فێــداری پــڕ لەشەپۆڵ بەرەو تەنکاییو ڕزگار بوون لێبخوڕێت.. هەرچەند دێنــیو دەبــات، زێــتر نوقمی بێ هیواییو گومان و نیگەرانی دەبێت، تاوای لێدێت ترووسکەی هیوا لەناو (تەم)ی بێ ئامان وون دەکات

**لەو کاتەدا ئەو بزەیەی کە پێی ڕەنجام**
**پڕ گومان بوو تراویلکە بوو لەئەنجام**
**بۆ دواوە بوو، ئەو ڕێگایەی بەسۆز پێوام**
**بەچەشنی تەم ڕەوایەوە، نەما هیوام.**

(زەنگی هەتاو. ل٥)

سەرەڕای ئەم هەموو ناخۆشــیو هاوکێــشە ناتەبایانــەی ژیــانیش، شــاعیر زۆر بەڕاشکاوییەوە، دان بەخۆیدا دەنیو لەم ژیانە پڕ لەگرێ دەروونییەی خۆی ڕاناکات.. چونکە بەهۆی ئەم بارەی کەبۆی ڕسکاوە، توانیوویــەتی لــەکۆژانی خــەڵکی دەورو پشتی خۆی بگات. جگە لەمەش، هەمیــشە هــاوڕێی بــەختیاریو بــزەی نــەرم و سەرفرازییە.

**بڕیارم داوە پێ لێنێم، لەژیانا هەڵنەهاتووم**
**تەبام لەگەڵ بەختیاریم، لەبزەی نەرمی ڕا هاتووم**
**مادام لەخۆشی ژین ئەگەم، بڕوابکەن تێ نەکەوتووم**
**چونکە بەهۆی لەئازاری دەورو پشتی خۆم گەیشتووم.**

(زەنگی هەتاو. ل٨)

قۆناغی دووەمی شیعر نووسینی شاعیر لەساڵی (١٩٧٧)ەوە دەست پێدەکات ئەمجارەیان زۆر بەشیعرەکانی (ڕامبۆو گۆران) کارتێکراوو سەرسام دەبێت. لەم قۆناغەدا، جێگای گرنگی بەوێنەو هێمای شیعرییو گەشبینی دەدات. بەلاّم ئەوەی جێگای داخە، لەڕووی داڕشتنەوە، هەر کێشە پەنجەییە فۆلکلۆرییە سواوەکەی بەکار هێناوەو نەیتوانیووە، لەم قاوغە سواوە خۆی دەرباز بکات.

**ڕامبۆ، گۆران**
**هۆنراوەیان،**
**پەنجەی خوشکی هۆنراوەم بوون.**
**دڵیان کچی شەرمن ئاسا**
**نازی تەڕیان لیّ دەباری**
**هەست و سۆزیان وەك تارمایی، وەك تەمی شین**
**دەڕژانە سەرچاوەی شیعرم.**
**سۆزو هەستیان وەك پەپوولە**
**دەنیشتنەوە سەر شکۆفەی هۆنراوەکان!**

(زەنگی هەتاو. ل١٤)

زۆرجاران، بەکارهێنانی وشەی هەمە چەشنەی ناوچەیی یان بێچووە دیالێکتەکان، دەبێتە هۆکارێکی بەگوڕی بنیات نانی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، چونکیّ بەسەدان پەیڤی ڕەسەن هەن کە لەئاقاری تەنها گوندێك تێناپەڕن، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا، پەیڤی ڕەسەن و زگماکن. جا لەبەر ئەوە، بەکارهێنانی ئەم جۆرە پەیڤانە، لەزمانی ئەدەبیدا بەسوودمەند بوونی زمانە یەکگرتووەکە دەشکێتەوە. بەلاّم گەلێك جارانیش، ئەم ڕاستییە بەرەواژ دەبێتەوەو لەزیان بەخشین بەولاوە، هیچ

سوودێکی تری نابێت. بەکارهێنانی وشەی ناوچەیی -بەچاکی‌و خراپییەوە- دەگەڕێتەوە سەر دەست ڕەنگینی‌و لێزانین و توانای داهێنەرانەی شاعیرەوە. لەم بارەوەش، (خامۆش) چەند پەیڤێکی ناوچەی هەولێری تێکهەڵکێشی شیعرەکانی کردووە. بۆ نموونە، (قۆرت ل٢١، گەمە ل٢١، تورتورە ل٢٧، کن ل٤٠، دمك ل٤٢، تۆقەڵە ل٤٣). بێجگە لەمەش، چەند پەیڤێکی عەرەبی وەك، (خەیاڵ ل١٦، عەرد ل٢١، قەڵەم ل٢٢، سیحر ل٢٨) بەکارهێناوە. خۆزی هەر پەیڤە ناوچەییەکانی بەکارهێنابووایە، گەلێك باشتر دەبوون. ئێ خۆ سەرەڕای ئەوەش، زمانی کوردی بێ بەری نەبوو لەهاومانای ئەو پەیڤانە.. ئەدی ئەوە (ئەندێشە، زەوی، پێنووس، ئەفسوون)مان نییە ؟!

سوود وەرگرتن لەکەلەپوورو بەکارهێنانی بەشێوەیەکی هاوچەرخانە، گیانی داهێنان دەبەر شیعر دەکات. ڕاستییەکی بەڵگە نەویستیشە کە ئەمڕۆ لەسەر دوێنی‌و سبەینێش لەسەر ئەمڕۆ بنیات دەنرێت، وابزانم کەس لاری لەمە نییە. شاعیری نوێخواز، ئەگەر حسێبێك بۆ ئەم ڕاستییە نەکات و پێشێلی بکات، خۆی تووشی هەورازە خەت و خەرەندی هەزار بەهەزار دەکات. هەر لەم دەلاقەیەوە سەیری ڕەنگدانەوەی کەلەپوور لەشیعرەکانی (خامۆش) دەکەین. شاعیر لەبنیاتنانی زۆربەی شیعرەکانی، چەند وێنەیەکی زیندووی لە کەلەپووری کوردییەوە هەڵبژاردووەو هاوچەرخانە وەك هێمایەك بەکاری هێناون. (خامۆش) دەمانگەڕێنێتەوە سەردەمی ڕابردووی ئایینی زەردەشت و ڕووناکی پەرستن.. خۆیشی بەدەروێشێکی ئەو پەیامە دەزانێت.

**کوڕی ئاوم**

**نەمامی کچی هەتاوم**

**هەورەمانم**

**مووغەکانم!**

(زەنگی هەتاو. ل٩)

زۆرجاران لەکۆڕو گەڕەلاوژەی کوردەوارییدا، ئەگەر یەکێك گۆرانی بڵێ‌و دەنگەکەی زولاڵ و یارمەتیدەر نەبێت، ئەوا بەتەوسەوە پێی دەڵێن، (دەڵێی کلت خواردووە). شاعیر سوودی لەم ئیدیۆمە وەرگرتووەو هاوچەرخانە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە.

**وەردیانم قوڕقوشمی لەقوڕگ کردووم**

**ئا بە کل نووساوە دەنگم، دەنگی گەرووم.**

(زەنگی هەتاو. ل٢٦)

نیوە دێڕی دووەم، دەستەواژەی (دەنگی گەرووم) زیادەیە، چونکە وترا دەنگ بەتایبەتی دەنگی گیانلەبەرو مرۆڤ یەکسەر دەزانین کە لەگەرووەوە دەردەچێت. چ پێویستی بەم (دەنگی گەرووم)ە نەدەکرد کاتێك کە یەکێك لێی دەقەومی‌و سەری دنیای لێ وێکدێت، نازانێت ملی چ ڕێچکۆڵەیەك بگرێت، تاوەکو خۆی دەرباز بکات. ئەدی ئەگەر یەکێك لەهیکرا پەلی گرت و لەمیعنەت ڕزگاری کرد، بێگومان ئەوە دەبێتە (خدری زیندە) و فریشتە. لەناو کوردەواریشدا دەڵێن: (لێم بووە فریشتەو ڕزگاری کردم). شاعیر لەم ڕوانگەیەوە دەڕوانێتە مەسەلەکەو دەڵێت:

**شانە مێش هەنگی دەروونم**

**لەسەر ئاوازی بەستەی تەم**

**دەبێتە دەستی فریشتەی ڕزگاربوونم!**

(زەنگی هەتاو. ل٣١)

هەر بەو شێوازەش لەلاپەڕە (٣٣)دا، سوودی لەمەتەڵی کوردی وەرگرتووەو لەشیعرێکدا تەوزیفی کردووە، کەچی لەشیعرێکی تردا، پەندێکی کوردی بە پێچەوانە بەکار هێناوە. پەندەکە دەڵێ: (تاقە سوار تۆزێ ناکات). ئەو بە بەرەواژی بەکاری هێناوەو دەڵێت:

**لەدوور دیارە**

**تاقە سوارە**

**تۆزێ دەکات.**

(زەنگی هەتاو. ل٤١)

خۆ دەربازکردن لەکاوێژکردن و جووینەوەی وێنەی سواو، سیمای تازەگەری و داهێنانە. وێنەش، (ئەزراپاوەند) گۆتەنی، (تێکەڵ بوونی سۆزو عەقڵە لەچرکەیەك لەچرکەکانی ژیاندا)[1]. خامۆشی شاعیر لەمیانەی کۆمەڵە شیعری (زەنگی هەتاو)دا، دەیان وێنەی سەرنج ڕاکێش و تازەو بەرفراوانی بەکارهێناوە. بۆ نموونە سەیری ئەم وێنە شیعرییانە بکەن، (شەپۆڵی حەز ل٥، لەکاروانی دەربڕینا ل٥، شەپۆڵی ناسك ل٦، ژێی ئەندێشە ل٧، چلوورەی هۆش ل١٩، سەیری ناسك ل٤٠،.. تاد).

ئەگەر بێت و مرۆڤ لەژوورێکی تاریکی ئەنگوستە چاودا، لەمیانەی پەنجەرەوە سەیری دەرەوە بکات، ئەوە ئەو شتانەی دەرەوە زۆر بەچاکی دەبینێ. شاعیر ئەم مەسەلەی کردۆتە وێنەیەکی جوان و لەشیعرێکدا بەکاری هێناوە.

**ژوورەکەم بەبێ چرایە**

**لە پەنجەرە قووڵ قووڵ سەیری ئاسمان دەکەم**

١-الحداثە، ترجمة: مؤید حسن فوزی، بغداد، ١٩٨٧، ص٤٩.

ساتمە ناکەم.
ئاسمان قۆرتە، عەرد ساتمەیە!
شانۆی شەترەنجی گەمەیە.

(زەنگی هەتاو. ل٢١)

شاعیر نەهاتووە لەسەر ڕێبازی شاعیرە کلاسیکییەکان چاو بەنێرگزو ئەستێرە بچووێنێ. ئەو وێنەیەکی نوێی بەکار هێناوە، کاتێك کە دولبەرەکەی چاو هەڵدێنیو لێك دەنێ، بەباڵە فڕکێی پەپوولەی چواندووە.

ئەو دەمەی چاوی لێك دەنێ
هەڵیدێنێ،
باڵە فڕکەی پەپوولەیە
پەیتا پەیتا دەسوڕێت و دەخولێتەوە
لەسەر خونچەی دڵم ناسك
هەڵدەنیشێ!

(زەنگی هەتا. ل٣٨)

ئەگەر بێت و بەنیازی ئامارکردنی وێنە شیعری تازە لە (زەنگی هەتاو)دا بگەڕێین، ئەوا نابێت ئەو وێنە جوانە فەرامۆش بکەین، کەشاعیری بەشوان و کاغەزی بەمەڕو، پێنووسی بەگۆچان، چواندووە.

من شوانم
پەڕە کاغەز: مەڕەکانم!
قەڵەمی دەستە، گۆچانم!

(زەنگی هەتاو. ل٤٢)

شاعیر سەربەستە لەبەکارهێنانی وشە، جا چ ڕاستەوخۆ بێت، یان بەخوازە (مجاز)، بەمەرجێك ئەم بەکارهێنانە مەعقول بێت و سنوور نەبەزێنێت. چونکە (شیعر بەبێ خوازە دەبێتە بارستاییەکی ڕەق و تەق، هەروەها وێنەی خوازەیی بەشێکی گرنگە لەو وزەیەی کەشیعر بەژیان دەبەستێتەوە)[1].

**ڕەنگیم دەبیست**

**جۆشی تویست**

**دەنگیم دەدی.**

(زەنگی هەتاو. ل١٧)

لەزمانی گفتوگۆ کردنی ئاساییدا، ئەم ڕستەیە جێی نابێتەوە، چونکە هەرگیزاو هەرگیز ڕەنگ نابیسترێت و دەنگ نابینرێت، بەلاّم شاعیر هاتووە بەمەجاز بەکاری هێناوە. هەور (کەڵب) ددانی نییە. بەلاّم شاعیر دەڵێ:

**تۆ شوورەمی بمپارێزە**

**کەڵبەی هەورەکە بەهێزە.**

(زەنگی هەتاو. ل٢٥)

وێنەی شیعریی زۆرجاران (ماددی) دەبێت، وەك: (بەڕوو، قەفەز، هەور، شەپۆڵ، ژێ، ئەسپ،.. تاد). ئەم وشانە لەوێنەی شیعرییدا، بۆ خوێنەر زووتر کەوی دەبن و خۆ بەدەستەوە دەدەن. بەلاّم وێنەی بیری (ذهنی) درەنگترو بەخۆ هیلاك کردن و مێشك گوشین مالّی دەبێت. هەروەك ئاشکراشە کە، (شیعر چالاکییەکی بیرییەو

---

١-دير الملاك (دراسة نقديه للظواهر الفنية في الشعر العراقي المعاصر)، د.محسن أطيمش، بغداد، ١٩٨٢، ص٢٢١.

ناتوانین لەواقیعە کۆمەلاَیەتیەکەی دابڕین)[١]. جا لەبەر ئەوە (خامۆش) چەند وێنەیەکی بیری هاوبەشی لەگەڵ وێنە ماددیەکاندا بەکارهێناوە، وەکو: (شەپۆڵی ناسك ل٦). وشەی شەپۆڵ ماددییە بەلاَم وشەی ناسك بیرییە. وێنەکانی، (ژێی ئەندێشە. ل٧، مۆمی سۆزم. ل١٦، چلوورەی هۆشی. ل١٩)ش هەر بەم جۆرەن.

هەروەك پێشتر گوتمان شاعیر توانیوویەتی وێنەی نویو تازە بەکاربهێنێت و زۆر هاوچەرخانەش مامەڵە لەگەڵ کەلەپووردا بکات، بەلاَم ئەوە پەساپۆرتی دەرباز بوون نییە لەهەڵەو کەم و کوڕییەکان. هیچ بەرهەمێکی ئەدەبیو زانستیو هەتا مەیدانیش بێ کەم و کوڕی نابێت. جا لێرەدا، دەستنیشانی کەلەبەرەکانی (زەنگی هەتاو) دەکەین.

* خامۆش دەڵێ:

**بەستەکەشم دەڵێمەوە:**

**ناتوێمەوە**

**ناتوێمەوە**

**ناتوێمەوە.**

(زەنگی هەتاو. ل٢٠)

کەچی پێش ئەو (هێمن)ی شاعیر ئەم بۆچوون و وێنەیەی لەشیعری (ڕقی پیرۆز)[٢]دا بەکارهێناوە.

* خامۆش دەڵێ:

**دڵەکەشم دوو پارچەیە**

---

١ –حرائق الشعر، حسن الغرفي، بغداد، ١٩٨٧، ص٢٩.

٢ – تاریك و ڕوون، هێمن، ل٢٢٣.

**درەختی بەڕووی باخچەیە.**

(زەنگی هەتاو. ل٢٣)

لەڕاستیدا بەڕوو درەختێکی خۆڕسکی چیاییەو هیچ کەسێك نەیچاندووەو پەروەردەی نەکردووە. بێجگە لەمەش، هەر چەندە شاعیر بەنیازی پتەوی و خۆڕاگری بەکاری هێناوە، بەلاّم ئەوەی ڕاست بێت و نکوّڵی لیّ نەکرێت ئەوەیە کە بەڕوو درەختی باخچە نییە. دڵەکەشی ئەگەر مەبەستی لەنیشتمان بێت، ئەوە چوار پارچەیە نەك دوو پارچە.

* شاعیر لەشیعری (هەور)دا دەڵیّ:

**لەدوورەوە دەنگەکە دیّ،**

**دەنگی ڕەوتی ئەسپەکەیە،**

**شریخەی هەوری سەرکەشە**

**برووسکەکەی، تریسکەی شیری دەست ڕەشە**

**سوار ئەسپەکە نیقاب پۆشە**

**چاوەکەی سوورە بەدفەڕە!**

(زەنگی هەتاو. ل٢٤)

شاعیر نەیتوانیووە مامەڵە لەگەڵ ئەو وێنەیە بکات چونکە هەور نیشانەی خۆشیو هاتیو خێرو فەڕە. کەچی لای ئەو بووەتە بەدفەڕ. ئەدی باران و بەفر سەرچاوە لەهەورەوە ناگرن؟! ئەدی ئەو هەموو باخچەو دارو درەخت و کانیاوو دەریاو ئۆقیانووس و... کەشاعیر گۆرانییان بۆ دەڵیّ، هەمووی هەر نەوەو نەوەزادەی هەور نین؟!

* شاعیر هەر لەهەمان شیعردا دەڵیّ:

**پەرستگاکە ساردو سڕە**

**بەبێ گڕە!**

**زەمینەکە سەراوبنە**

**نووزەی ساواو ئاهی ژنە!**

(زەنگی هەتاو. ل٢٥)

شاعیر هیچ حسێبێکی بۆ ئافرەت نەکردووە کەنیوەی کۆمەڵن و دایك و خوشك و هاوسەرو.. و ن. تەنانەت بەمنداڵی ساواشی چواندووە. ئەدی خانزادی سۆران و قەدەم خێرو حەپسە خان و لەیلاقاسم و..تاد هەر ئافرەت نەبوون، چییان لەپیاو کەمتر بوو؟! پێویست وابوو، شاعیر، (بێکەس) ئاسا، دەنگ هەڵبڕیو هاوار بکات:

**نێرو مێ هەردوو بەجووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن**

**دوورە دەرچوونی لەدیلی، مەل بە باڵێ نافڕێ**[1].

* شاعیر دەڵێ:

**هەنگە زەردە پێوەنادا**

**پێوەش بدا**

**نەخۆی دەمرێ**

**نەکەس دەکوژێ...**

(زەنگی هەتاو. ل٣٢)

١ – دیوانی بێکەس، محەمەدی مەلا کەریم، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٨٠، ل٨٢.

ئەم بۆچوونەی شاعیر پێچەوانەی ئەو ڕاستی‌یەیە کە هەنگ پێوە دەدات و لەگەڵ پێوەدانەکەشی یەکسەر دەمرێت. سەرەڕای ئەوەش، مردنەکەشی نیشانەی قوربانیدانە.

* شاعیر دەڵێ:

**تەکان دەدا تەکان بەتین**

**دەردەدا ئەشکی ڕەش و شین.**

(زەنگی هەتاو. ل٣٦)

ڕاستتر وابوو بڵێ: (ئارەقەی ڕەش و شین)، چونکە (ئەشك) بەمانای فرمێسك دێت، بۆ فرمێسکیش (تاڵ و سوێر) بەکاردێت. وەسفی ڕەش و شین بۆ فرمێسك نابێت.

ئەوە بوو گرنگترین و بەرچاوترین ئەو تێبینی‌و سەرنجانە کە خستمە ڕوو، هیواداریم لەم بەسەرکردنەوەیەدا، توانیبێتم تیشکێك بخەمە سەر ژیان و بەرهەمە شیعرییەکانی (خامۆش)ی شاعیرو هاوڕێ‌و تەپ و تۆزی لەبیر چوونەوەش، لەسەر (زەنگی هەتاو)، دابتەکێنم.

*** سەرنج:**

ئەو بابەتە لەبەهاری ١٩٨٩دا نووسراوەو لەهیچ شوێنێکدا بلاّونەکراوەتەوە.

بەبێ دەسکاری هەڵسەنگاندنەکەو بەزیاد کردنی بەراییەکی کورتی دەستپێکی بابەتەکە، بلاّوی دەکەینەوە.

# نەهاوەند..
# یـــان
# مەملەکەتێکی خاپوور کراو

(نەهاوەند)، ژان و ئازارەکانی میللەتێکی زۆر لێکـراوو ئـاوارەو سـەرگەردانە.. ناسنامەی گوندێکی خاپوورکراوی کوردستانە.. یەکێکە لەچیرۆکە سەرکەوتووەکانی، (ئاسۆ حەسـەن). ئـەم چـیرۆکەی لەپێـشبڕکێی ڤیـستیڤاڵی (ئـەکادیمیای مـۆنتی ئەمیاتا- ئیتالیـا) کـە لـەنێوان ٨-١٣/٩/٢٠٠٠دا بەسـترا، لەگـەڵ چـیرۆکی (دەریاچەی سین)ی ئازاد بەرزنجی پێکـەوە پلـەی یەکـەمیان بەدەسـت هێنـا.. کـە لەڕۆژنامەو کەناڵە ڕاگەیاندنەکانی کوردستانەوە، دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو..

(ئاسۆ حەسەن)، لەچیرۆکنووسیندا، دەسەلاتێکی باشی بەسەر ڕێزمان و زمانـدا دەشکێت و هیچ جۆرە پچڕان و بەدحاڵی بوونێك لەنووسینەکانیدا بـەدی ناکرێـت. فەرهەنگی ئاسۆ دەوڵەمەندەو ئامادە نییە پڕ بداتـە ووشـەی بیـژۆك و داتاشـراو.. چـیرۆکنووس، خـۆی پـەروەردەی گونـدەو زمانەکەشـی وشـەی غـەوارەو نـامۆی

تێنەکەوتووە... (نەهاوەند)، سومبولی یەکێك لەو (٤٥٠٠) گونـدە خـاپووركراوەی باشووری کوردستانە.. گوندێك بوو، پـێش پرۆسـەی (ئـەنفال)ی بـەدناو، نموونـەی بەرقەراربوونی یاساو دیموکراتی بوو. مرۆڤەکانی ئەم دەڤـەرە، وەك شـانە هـەنگ، خەریکی ئیش و کاری خۆیان بـوون... هەرچـی پێویـستی کۆمـەڵگای شارسـتانی هەبوو، وەك قوتابخانەی سەرەتایی‌و ناوەنـدی‌و خەسـتەخانەو دائـیرەی کـشتوکاڵ و ئەنجوومەنی گوندو مزگەوت و سێ چوار کارگەی بچکۆڵەشی تێدابوو.. بـەکورتی، (ئەو شارە دێییە بووە مەملەکەتێکی بچکۆلانەی بەهەشتی‌و لەهەموو لاوە خـەڵك دەهاتن بۆ سەیرکردن و شارەزا بوون بەسیستەمی ژیان).

ئـەم دەڤـەرە وە نـەبێت مەترسـی بـوو بێـت بـۆ سـەر لـەقبوونی ئاسـایش و دەسەلاتداریتی بەغدا... وەك سـەدان گونـدی دیکـە لەوانەیـە تەیریـشیان لـەئاو نەکردبێت، (ئەوەی لەوێ نەبوو چەك و تەقەمەنی بوو، جگە لەتاپڕ بـۆ پاراسـتنی مەڕو مالات).

(ئاسۆ)ی چیرۆکنووس، وەسـفێکی ئەوەنـدە دەوڵەمەنـدو جـوانی (نەهاوەنـد)ی کردووە، دەکرێ بۆ پێناسەکردنی گوندەکانی کوردستان، وەك پرۆگـرام، لەقوتابخانـە سەرەتاییەکاندا بخوێندری‌و نەوەی نوێی پێ هوشیار بکرێتەوە... چونکە دڵنیام نەوەی شارنشین، تاڕادەیەك گوندنشینەکانی دوای ئەنفالیش ئەو شارەزاییەیان نییە لەبارەی پێکهاتەی گوندەکانی کوردستان. دەتوانین بڵێین، لەڕێگای (نەهاوەند)ەوە:

١-شارەزای ڕایەڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی گوندنشینەکان دەبین.

٢-زانیارییەکی تەواومان لەلا گەلاڵە دەبێت، لەبارەی شـێوەو نەخـشەو چـۆنیەتی هەڵکەوتن و دروستبوونی شێوەی گشتی خانووەکانی گوند.

٣-شارەزای کارو کاسبیو جۆرەکانی ڕاوکردن و کاتی لێقەومان و ڕێو ڕەسمە تایبەتیەکان، دەبین.
٤-فەرهەنگی زمانی گوندمان پێدەناسێنێ.

(حاجی باپیر)، پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکەیە.. برا گەورەی گوندەو نموونەی مرۆڤێکی ساکارو بەکردەوە دیموکرات و ئاشتیخوازە.. ئەو، هەستی دەکرد، جۆرە بەرخودانێك دژی زوڵم و زۆری ڕژێم لەئارادایە، بەلاّم حەزی نەدەکرد، هیچ کەسێك لەگوندەکەی تێکەڵ بەریزەکانی ئەم بەرخودانە بێت. پەیڕەوی ئەو پەندە کلاسیکییە دواکەوتووەی دەکرد کە دەڵێ: (دەست بەکلاّوی خۆتەوە بگرە با نەیبا). حاجی (باوەڕی وابوو ئەوەی خراپە نەکا، خراپەی نایەتە ڕێ، ئەوەی دەست لەکونە دیواران ڕانەکا مار نایگەزێ). هەرچەندە بێ ویستی ئەو، (ئازاد)ی نەوەزادەی تێکەڵ بەریزەکانی بەرخودان ببوو. حاجی باپیر، وەك هەر کوردێکی موسڵمان و سادەو ساکار، کاتێك شەوانە پێشمەرگە میوانی گوند بوونایە، دەیبردنە دیوەخانی مزگەوتو نانی دەدانیو قەوانەکەی خۆی دووبارە دەکردەوە، (ئیشکەرو ماڵداری کاری ماڵی باوکی خۆیان بن باشترە، ئەگەر خوا بەگەورەیی خۆی ئەو زوڵمەیان لەسەر لانەدا بەوان و بەو تفەنگانەی دەستیان چ ناکرێ). وەلێ، تا نیسانی ١٩٨٧ ئەم گوندە ئارامو ئاسوودەو بێ وەی بوو.. تا لەناکاو، نەهاوەندی شارەدێ بە سەربازو تانك و زرێ پۆشو چاوساغەکانی، ئابڵوقەدار.. لەگەڵ مەلا بانگدان، سەعدو خالیدو مەسعەب و عودەیو مستەفاو دەیانی تر، لەمرۆڤ کوژەکانی سەدەی بیستەم، کەوتنە گیانی ئەم خەڵکە ڕەش و ڕووت و بێدیفاعە.. جیاوازییان نەدەکرد لەنێوان ژن و پیاو، گەورەو گچکە، سەقەت و ساغ.. ئەوەندەی پێیان کرا، کوشتیان، بڕیان، کچی عازەبیان هەتك کرد. تالاّنیان کرد. گوندیان سووتاندو شۆفەلێیان لێدا.

مزگەوت ڕوخاو قورئان خوێناوی بوو.. بەڵێ لێرەدا، قسەکەی حاجی باپیر کورتی هێناو ئەنجامی نەپێکا، کاتێ ئامۆژگاری نەوەکانی دەکردو دەیگوت: (ئەوەی دەست لەکونە دیواران ڕانەکا مار نایگەزێ). مەملەکەت، خەڵتانی خوێن کرا، بووە ساکە گۆڕ.. ئەوەی لەکوشتن ڕزگاری ببوو و ئاهێکی لەبەر مابوو، وەك مێگەڵ کۆکرانەوەو (عەقید خالید) فەرمانیدا، (ئۆتۆمبیلەکان بێنن و کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکەکە بار بکەن، هەروەها فەرمانیدا پیاو بەتەنیاو ژن و منداڵیش بەتەنیا سوار بکەن). بەڵێ لێرەوە یەکەم زەنگی ئەنفال لێدراو ژمارەی (نەهاوەند)ییەکان زیادی کرد. (عەقید خالید)ەکان، ڕژانە هەموو دەڤەرێك.. ژمارەی نەوەکانی حاجی باپیر ریکۆردی شکاندو لەسەدو هەشتاو دوو هەزار تێپەڕاند.. ئێستاکەشی لەگەڵ دابێت (ئازاد)ی نەوە زادەی حاجی، هەر لەچاوەڕوانی گەڕانەوەی باوك و دایك و خوشك و براو کەسەکانی دایە.. ئایەتی (ئەنفال)، بۆ نەهاوەندەکانی کوردستان بوو بەنەهەنگی چیرۆکە ئەفسانەییەکان و تا هەتایەش لەفەرهەنگی کوردیدا بەمانای وێرانکردنی گوندو بەتالان بردنی مەڕو ماڵات و سووتاندنی قورئان و ڕاپێچکردنیان بەرەو گۆڕستانی بەکۆمەڵ و بێ ناوونیشان دەگەیەنێت.. ئەنفال پەیڤێکی کوردی نییە، کەچی چووە ناو فەرهەنگی کوردییەوە..

دیارە هەموو تێکشکانێك، هەڵسانەوەیەکی لەدوا دایە.. هەر بۆیەش، پاش ئەم دەریا خوێنە... پاش ئەم زوڵمە گەورەیە.. ناخە زیندووەکان، نەهاوەندەکانی دەرپەڕاندو دووبارەو سەر لەنوێ، ساکە گۆڕی کردەوە خانوو و قوتابخانەو مزگەوت و ڕەزو باخ و ئاوەدانی.. نەوەکانی حاجی باپیرو ناخی زیندووی حاجی، بوونە ژیلەمۆی تۆڵەو کەوتنە گیانی کوندەپەپۆی شەڕ.. ئیتر لەمەودوا (حاجی باپیر)ەکان چیتر (دەست بەکڵاوی خۆیانەوە ناگرن تا با نەیبات). چیتر پێیان وانییە (ئەوەی دەست لەکونە

دیواران ڕانەکا مار نایگەزێ). سەدو هەشتاو دوو هەزار ڕۆح، بوو بە دەرسێك و (حاجی باپیر)ەکانی لەخەوی ساویلکەیی، بێدار کردەوە...

جەستەی حاجی، ببوو بەناخ٠ێکی زیندووی لەدار بەستراو، کاتێك کە بەهۆش خۆی هاتەوە، دیتی، (ئازادی نەوەو کاردۆو فەرەیدوون و مامۆستا سەلاح) –ئەو سێیەی دوایی هاوڕێو دۆستی نزیکی ئاسۆی چیرۆکنووس بوون لەخەباتی شاخ و ژێر زەمینیدا گیانیان لەدەست دا- لەداری دەکەنەوەو مەشخەڵی تۆڵەیان لەدەست دایە.. (ئاسۆ حەسەن)، وەك پێشمەرگەیەکی ساتە دژوارەکان، دەیان هاوڕێی گیانی بەگیانی شەهید بووە.. ئەو، وەك وەفادارییەك بۆ گیانی زیندووی ئەوان، ئەو شەهیدانەی بەسەر کردۆتەوەو کردوونی بەڕەمزی تۆڵەو بەرخودان. چیرۆکنووس دەزانێت ئەگەر خوێنی ئەوان نەبووایە، هەر گیزاو هەرگیز کوندەپەپۆی شەڕ، شار بەدەر نەدەکرا.

حاجی باپیر، ئێستاکەشی لەگەڵدا بێت هەر ورێنە دەکات و دەڵێت: (توخوا زۆر ماون.. چۆن دەرباز بوون؟! چەندیان مردن، دەبێ ئەوانەی بردیانن چییان لێبکەن؟!).

شایانی وەبیر هێنانەوەیە، ئەم چیرۆکەی ئاسۆو (دەریاچەی سین)ی ئازاد بەرزنجی خەلاتی یەکەمیان بەدەست هێنا لەفیستیڤالی سالانەی ئەکادیمیای هونەری ئەمیاتای ئیتالی کە لە ٨-١٣/٨/٢٠٠٠ لەشاری (سانتافیۆرای)، بەڕێوە چوو.. لیژنەی هەڵسەنگاندنیش بریتی بوون لە. میکیلا ئەرمیتا، بەڕێوەبەری ئەکادیمیای مۆنتی ئەمیاتا- سەرۆکی لیژنە. ئەماندۆگنیش/ مامۆستای ئەدەبی بەراووردکاری لەزانکۆی ڕۆما. لاورا شرادەر/ نووسەرو ڕۆژنامەنووسی پسپۆڕ لەکاروباری

ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست- پەخشان عەلی/ نوێنەری کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی- ئیتالی. لۆلە پینتۆ/ نوێنەری لیژنەی هاوکاری لەگەڵ کورد لەئیتالیا.

لەڕۆژی ٥/١٢/٢٠٠٠ دا، لەشاری هەولێر، نوێنەرانی ئەم ئەکادیمیایە، کە لەخاتوو گرازییێگلاو خاتوو ڕیتاو بەڕێز گاستۆنی پێکهاتبوون، لەڕێو ڕەسمێکی تایبەتدا، خەلاتی ڕێز لێنانەکەیان پێشکەش بە (ئاسۆ حەسەن) کرد.

لەکاتی خەلات کردنەکەدا، خاتوو گرازییێلا بەناوی ئەکادیمیای ئەمیاتاوە، پیرۆزبایی لەچیرۆکنووس کردو خاڵەکانی چۆنیەتی هەڵبژاردنی (نەهاوەند)ی لەنێوان دە (١٠) کورتە چیرۆکی کوردیدا بەپلەی یەکەم دەستنیشان کرد، کەڕەنگدانەوەی ئێش و ئازاری گەلی کوردەو، لەبارەی کارەساتێکی مرۆڤایەتی گەورە دەدوێ کە (ئەنفال)ە.

چیرۆکنووس، یەکەمین کاری نووسینی بۆ ساڵی ١٩٧٨ دەگەڕێتەوە هەندێك لەچیرۆکەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی عەرەبیو فارسیو ئینگلیزیو ئەڵمانی. (تابلۆ تراژیدییەکان) یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی بلاوکراوەیەتی..

مرۆڤ کاتێك ئەم هەوالانە دەخوێنێتەوەو دەڵێ: (ئەدەبی کوردی بەهەموو چمکەکانیەوە، چی کەمتر نییە لەئەدەبی گەلان).

# (ئەدەبی تاراوگە) و
# خەونی ئاوارەکان

دیاره هەر کۆمەڵگایەك لەگـەڵ کۆمەڵگایـەکی تـر لـەڕووی داب و نـەریت و بیرکردنەوەو ڕامان و هەڵوێست وەرگرتن، بەپێی کات و شـوێن جیاوازییـان لەگـەڵ یەکدیدا هەیە.. هـەر ئـەم جیاوازییـەش، پێناسـەی ناسـنامە دروسـت دەکـات و کۆمەڵگاکان لەیەکتری هاوێر دەکات.

کۆمەڵگای کوردی لەمێژە چ بەشێوەی گروپی بچووك و خێـزان و تـاك ئـاوارەو پەراگەندەی مەملەکەتان بووینە، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا، ناسـنامەی خۆیـان وون نەکردووەو، نەیانتوانیووە، لەنێو کۆمەڵگا خانە خوێیکاندا بتوێنەوە. لەنیو سەدەی ڕابردوودا، بەهۆی بارودۆخی تایبەتی کوردستان، بەشێکی زۆری شـاعیرو نووسـەرو ڕۆژنامەنووس و بیرمەندانی کورد، ناچار بووینە سەری خۆیـان هـەڵگرن و، بـەبێ ویستی خۆیان، لەولاّتێکدا بگیرسێنەوە، کە هیچ سەرە داوێکی پەیوەندی کولتووریو

ئایینیو کۆمەلاّیەتی، بەیەکتریان نابەستێتەوە.. ئەم توێژە کاریگـەرەی کۆمـەڵگا، هەر چەندە لەڕووی جوگرافیاوە لەکوردستان دوور کەوتوونەتەوە، بەلاّم بەئەستەمیش نەیانتوانیووە، پەیوەندی گیانی لەگەڵ زێدو کولتووری خۆیان بپچڕێنن. بەبێ زێـدە ڕۆیی کردن، دەتوانین بلّێین، بەشێکی هەرە زۆری کوردانی پەڕاگەندە، بەتایبـەتیش نووسەران، هەستی کوردایەتییان زێترە لەکوردانی ناوەوە.. لەبەرچی؟!

کوردانی ناوەوە، پاش ڕاپەڕین، بەهۆی شەڕی ناوخۆوو ململانێی حزبایەتیو چەند دیاردەیەکی دزێوی تەشەنە کردوو، لەوانەیە بلّـێن، ئێمـە کوردایـەتیمان بـۆ بـەو بەرەنجامە نەکردووە، کەئێـستاکە دەیبیـنین.. هـەر ئـەوەش وایلێکـردوون و وایـان لێدەکات، دلّیان گەرد بگرێت و سـارد ببنـەوە. بەپێـچەوانەوە، کوردەکـانی دەرەوە، بەهۆی سەر هەلّگرتن، ڕاستە ئازادی بیرکردنەوەو ڕادەربڕین و مسۆگەری ژیانییان بۆ دابین کراوە، بەلاّم خۆشەویستترین شتیان لەدەسـت داوە، کەنیـشتمان و یـادەوەریو کەس و کارو کولتووری خۆیانە.. جگە لەوەش، ڕۆژانـە، لەکۆمـەلّگا فـرە نەتـەوەو کولتـوورو ڕەگـەزەکان، ڕووبـەڕووی پرسـیاری، (سـەر بـە چ نەتـەوەو خـەلّکی چ ولاّتێکن؟!) دەبنەوە.. کاتێك کـەدەبینن، نەتـەوەکان لـەژێر سـایەی ئـالاّی خۆیـان سەرگەرمی زیندوو کردنەوەی بۆنە نەتەوەییو کولتوورییەکانن... کاتێك کـەدەبینن لەکاتی سەرکەوتنی تیپە وەرزشییەکانیان، خۆنیشان دەدەن و شانازی بەولاّتـەکانیان دەکەن.. کاتێك کە لەگەڵ خەلّکێکی بێ ئاگا تووشی دەمەتـەقێو گفتوگـۆ کـردن دەبن و، خاوەن قەوارەو ئـالاّو سـەربەخۆیین و لەنەخـشەو ئەتلەسـی قۆناغـەکانی خوێندندا سنووری خۆیان هەیـە.. کاتێـك کەڕووبـەڕووی پرسـیاری منداڵـەکانیان دەبنەوە، (ئێمە خەلّکی کوردستانین، ئەدی بۆ لەسەر نەخشە وەك ولاّتانی تر شوێنو سنوورمان دیار نییە؟!). ئەمانەو دەیـان هۆکـارو بینـەو بـەردەی تـر کـە ڕۆژانـە

ڕووبەڕووی خەڵکی ئاوارە (بەگشتی) دەبنەوە، وایان لێدەکات، ناکۆکییە بچووك و لاوەکییەکانی ناوەوە بەلاوە نێن و بیر لەمەسەلە گەورەکە بکەنەوە کەسنوورە....

خەڵکی وا هەبووە، لەناوەوە کۆمۆنیست و دەروێشی مارکس و لینین بووەو، بەربەرەکانی هەموو بۆچوونێکی کوردایەتی کردووە، کەچی لەدەرەوە لە (پاسۆك)کان پاسۆکتر بووە.. ئەوانە هەموویان جێی ڕامان و لێوورد بوونەوەن.. ئەم هۆکارانە وایکردووە تاکی کورد سوور بێت لەسەر پاراستنی کولتوورو زمان و ڕێو ڕەسمەکانی خوێیی‌و بەرز ڕاگرتنی.. ماڵی کورد نییە، خاڵی بێت لەنەخشەی کوردستان، وێنەی کولتووری، کڵاوو جەمەدانی، جل و بەرگ و خواردنی کوردی، توورو مڵاکدانی فۆلکلۆری، پارچە لبادو مافووری دەستکرد، کڵاشی هەورامان،... ئەمانە هەموویان هۆکارێکن بۆ لەبیر نەچوونەوەو گرێدانی یادەوەرییەکان، بەژیانی ئاوارەییان..

شاعیرو چیرۆکنووسی کوردیش یەکێکە لەتاکەکانی ئەو خێزانانە، نەیانتوانیووە ئەو ئاقارە ببەزێنن و، تێکەڵ بەکولتوورە جیاوازەکان بن تا لەبەرهەمەکانیان ڕەنگ بداتەوە.. ئەوەی دەینووسن، هەمان کۆژان و بۆچوونی هاوڕێکانیانە لەناوەوە.. لەوڵاتێك دا دەژین پڕە لەجۆرەها دەردی کۆمەڵایەتی‌و بیرکردنەوەو کارو پەیوەندی جیاواز، کەچی خەونەکانی ئەوان، هەر ڕاکردن و زینندانی‌و خۆشاردنەوەو شەڕو کاولکارییە.. شوێن و کاتی خەونەکانیان، هەر کوردستانە.. بڕوا بکەن، من شەخسی خۆم یازدە مانگ لەتورکیاو شەش مانگ لەیۆنانستان و ئەوە حەوت ساڵیشە لەئەڵمانیادا دەژیم، کەچی شەوێك لەشەوان، خەونێکم بەو شوێنانە نەبینیووە.. درۆ نەبێت جارو بار لەخەونەکانمدا (پیدزا)یەکم لەفڕنی سووتاوە، چونکە ماوەی پێنج ساڵ زێترە، لە (پیدزەریا)یەك کار دەکەم.. دەنا شوێنی سەرجەم خەونەکانم هەولێرو


کوردستانە.. خەڵکی ئاوارەو تەریوی هەندەرانیش، ئەگەر هەمووشیان نەبێت، ئەوە بەشێکی زۆریان بابایەکی وەك منن.. بۆیە سەیر نییە، سەرەڕای هەبوونی ئەو لەشکرە زۆرەی نووسەران لەدەرەوە، ئەدەبی تاراوگە سەری هەڵنەداوە، جگە لەچەند شیعرو چیرۆکێکی دەگمەن نەبێت، کەئەوانیش بێبەری نین لەچەند یادەوەرییەکی وڵات بەتاڵ و شیرینییەوە...

سەیر نییە، ئێستاکەش لەو وڵاتە ئەوروپیو ئەسکەندنافیانەی زۆربەی کورد لێی نیشتەجێن، دەزگاو مەڵبەندە ڕۆشنبیرییەکان، هەمان کۆمەڵە شیعرو چیرۆکی منداڵانی چاپکراو لەکوردستان، دووبارە چاپ دەکەنەوەو بەسەر منداڵانیان دابەش دەکەن، بەبێ ڕەچاوکردنی شوێن و کات و تەمەن و جۆری بیرکردنەوەی ئەو منداڵانە.. چونکە بڵێین و نەڵێین، بیرکردنەوەی منداڵان (بەتایبەتیش ئەوانەی کە لەدەرەوە لەدایك بووینەو لەوێ پێگەیشتوون)، جیاوازییەکی زۆریان هەیە لەگەڵ بیرکردنەوەی دایك و باوك و ماڵباتەکانیان.

# ڕۆمانۆکەی (ونگە)
# یان بەشێك لەبیرەوەرییەکانی
# (عەبدوڵلاّ سەراج)

گەڕان بەدوای خۆناسین و ڕێژنەی پرسیاری جۆراو جۆرو وەلاّمی پڕ لەگومان، بەشێك لەپانتایی ژیانی تەریوەکانی دەرەوەی بازنەی زێدی داگیرکردووە.. بەردەوامن لەپرسیارکردن و بێ هوودەن لەوەلاّمەکان.. جیاوازی کولتوورو هەڵوێستە دژەکان، یەکێکن لەو شادەمارە سەرەکییانەی کەهۆکارێکن بۆ هەست کردن بەنامۆ بوون و تەنیاییو گەڕان بەدوای ناسنامەدا.. بەم بارە دەروونییە ڕەخساوە، ئەگەر تەواویش ڕەنگی نەدابێتەوە لەبەرهەمەکانی نووسەرانی کورد لەدەرەوە، ئەوا نەخشی ئەم حاڵەتە پڕ لەنیگەرانییە، بەسەر بەشێك لەبەرهەم و نووسینەکانیانەوە وەك ڕۆژی ڕووناك درەوشایەوە..

هەر ئەم دیاردەیە، بەشێکی فراوانی ڕۆمانۆکەی (ونگە)، یان باشتر بڵێین، (بەشێك لەبیرەوەرییەکانی عەبدوڵلاّ سەراج)ی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی داگیر




کـردووە.. ئەگەرچـی (سـەراج)، نـاوی لـەم بەرهەمـەی نـاوە (ڕۆمانۆکە)، بـەڵام لەڕاسـتیدا دەورکردنەوەو شەت و کەوکردنی بەشێك لەبیرەوەرییەکانی خۆیتی، بەتایبەتیش ژیانی (تاراوگە)ی.. هەر خۆیشی پاڵەوانی سـەرەکی ئـەم بەرهەمەیـە... نووسـەر، لەشەوێك لەشەوە ساردو شەختە بەنـدەکانی وڵاتـی (فنلانـد)، لەسوچـــی گۆشـــەیەکی فەرامۆشکراوی قاوەخانەیەکـدا، زەمینـە خـۆش دەکـات بـۆ نووسـینەوەی بیرەوەرییـەکانی...

لەکاتێکدا کەخەڵکی ناو قاوەخانەکە، بەدەم خواردنەوەو دانس و هەڵپەڕین، خەمی ڕابردوو و ماندووبوونی کاری ڕۆژانەیان بەبا دەدا، ئەو سـەرگەرمی تەماشـاکردنی فیلمەکانی ئەنفال و هەڵەبجەو کـۆڕەو نـشووست و پارچـە پارچـەیی‌و تـەعریب و کاولکردن و براکوژی‌و یەکتر قبوڵ نەکردن و توندو تیژی‌و لەیەکترازانی ماڵی کورد بوو..

(سەراج)، لەڕێگای وێنەی (دایك و کوڕێکی سەر بەرگی گۆڤاری سەر مێزەکەی بەردەمی)، زەمینە خۆش دەکات بۆ خۆ دواندن و دەمە زەد کردنی بیرەوەرییەکانی..

کوڕەکە ناو دەنێت (حەمرین)، وەك هێمایەك بۆ زنجیرە چیای (حەمرین) کەسنووری نێوان کوردستان و بەشە عەرەب نشینەکەی عێراق دەست نیشان دەکات. ڕووی دەمی دەکاتە حەمرین و دەڵێت: (تەمەنی مرۆڤ بۆ ئەوە چاکە لەڕێگای پرسیارەوە، خودی خۆی بدۆزێتەوە، کەخۆی ناسی بەختەوەر دەبیو ئاسوودە..) لەڕێگای ئەم پرسیارەوە، نووسەر خۆی دەدوێنیو سەرە داوی گلۆڵە ئاڵۆزکاوەکەی ژیانی دەکاتەوەو پرسیار لەدوای پرسیار دەکات و ناگاتە ئەو وەڵامەی کەخۆی بەدوایدا وێڵە.. هەر وەك چۆن مرۆڤ، تا ئێستاکە نەگەیشتۆتە ئەو هەقیقەتەو خۆی نەناسیوە، (سەراج)یش بەهەمان شێوە، دەچێتە ناو ناخی پرسیارەکان و لەهەقیقەت دەگەڕێت، بەڵام بەکۆتاهاتنی (ونگە)ش، ئەو هەر نایدۆزێتەوە.

پیرە ژنێکی دڵ تەڕو هەست ناسك، سەرنجی نووسەر ڕادەکێشێت و زنجیرەی بیرەوەرییەکانی دەپچڕێنێ.. لەگەڵ (لایلا هەینۆنێن) یەکتر ناسدەکەن و سەربوردەی ژیان و ڕووداوەکان، بۆ یەکتر باسدەکەن. سەراج لەڕێگای ئەو پارچە نەخشەی گیرفانی، کە لەئەتڵەسێکی فینلاندی (٥٠) ساڵ لەمەوبەر چاپکراوی، کردبۆوە.. کوردستان، بە (لایلا) دەناسێنیو دەیکاتە خاڵی سفری چوونە ناو کارەسات و ڕووداوە دڵتەزێنەکانی خەڵکی کوردستان.. سەراج خۆی کەسی قسەکەرەو بەناوی (کەیوان) دێتە گۆ.. لەوانەیە بڵێت، (من کەیوان نیم). بەڵام بە بەراوورد کردن و سەرنجدانی تەواوی کەس و لایەن و ڕووداوەکانی ناو (ونگە) دەگەینە ئەو ڕاستییە کە (کەیوان) سەدا سەد (عەبدوڵڵا سەراج)ەو دەیەوێت لەم کەین و بەینەدا، بەشێك لەبیرەوەرییەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول تۆمار بکات، کە وەك (کادیرێکی کۆمەڵایەتیو سیاسی) پارتی دیموکراتی کوردستان، لەناوچەکانی کەرکوك و شێخ بزێنی درێژەی بەخەبات داوە.. دواتر، دەگەڕێتەوە سەردەمی منداڵی

لەکەرکوك و، پەیژە بەپەیژە سەردەکەوێت، تا دەگاتە ئەو هەموو کارەساتەی کە لەم (٢٠) ساڵی دواییدا بەسەر کوردستان و کورددا هاتوون.

ئەوەی زێتر سەرنجی منی ڕاکێشا، جورئەتی بێ وێنەی (سەراج) بوو لەو تەمەنەو نەپرینگانەوەو گوێ نەدان بەداب و نەریتی باوی کۆمەڵگای کوردەواری.. ئەگەرچی (سێکس) غەریزەیەکی ئینسانیەو یەکێکە لەپێویستییە سەرەکییەکانی بەردەوامبوونی ژیان و مرۆڤایەتی، بەلاّم لەکۆمەڵگایەکی داخراوی وەك کۆمەڵگای کوردەواریدا، نەك ئامادەنین گفتوگۆی لەسەر بکەن و بەشێوەی زانستی لێی بدوێن، بەڵکو بەناو هێنانیشی (بیلا مانا) دەکەنە پەرژین.. هەر ئەو ترسنۆکیو خۆ لەقەرە نەدانەشە، بۆتە هۆی دروستبوونی دەیان گرێ کوێرەی دەروونیو کۆمەلاّیەتی لای تاکەکانی ئەو کۆمەڵگا داخراوە.. سەراج، ئەوەندە ڕاستگۆیانە باسی خرۆشان و چێژی ئەو چرکەیە دەکات کە (لایلا)ی تەمەن (٦٠) ساڵیو (کەیوان)ی (٦١) ساڵی لەسەر سیسەمێکدا پێی گەیشتوون..

لەگۆشەکانی ئەم (ونگە)یەدا، جێگای زۆر شتی جیاوازو سەرنج ڕاکێشی کردۆتەوە، کە دەکرێت هەروەستەیان لەسەر بکەین و لەهەندێکیاندا سوودی باشیان لێوەربگرین و بۆ کوردستانی خۆمان کۆپی بکەین.. ئەو گۆشانەی کەسنوور بەسەریکردۆتەوە:

* ڕێزگرتن لەمافی مرۆڤ و گیاندارو پاراستنی ژینگە.
* ڕێزگرتن لەڕای بەرامبەرو دووركەوتنەوە لەتوندووتیژی.
* ڕێزگرتن لەمێژوو و سەروەرییەکان.
* وەسف کردنی ژیانی کەمپ و ئاوارەکانی هەڵخلیسکانی بەشێك لەئاوارە کوردەکان بۆ ناو زەلکاوی بەنگکێشان و خۆ وونکردن.

* لەیەکترازانی بەشێکی کەم لەو خێزانە کوردانەی کە لەدەرەوە دەژین.
* سێکس وەك بەردەوامیەك بۆ ژیان و بەرۆتین کردنی.

سەرەڕای باسکردن و خستنە ڕووی ژیان لێرە (فینلاند) و بەراورد کردنی لەگەڵ ئەویّ (کوردستان) دا، زۆر ڕووداوو کەسایەتی کوردیشی بەسەر کردۆتەوە، کە بوونەتە خاڵێکی دیار لەسەر بیرەوەرییەکانی ژیانیدا، نموونەی:

* ئەنفالەکانی ناوچەی گەرمیان و ژیانی سەختی گوندنشینەکان.
* کارەساتی هەڵەبجە، تراژیدیای عومەری خاوەر، (کچێکی چواردە ساڵان لەکاتی بۆمبابارانەکەدا، لا دیوارێکی ماڵیان ڕووخابووە سەر باڵێکی، هاواری دەکردە باوکی: وەرە، هەتا زووە، دەستم ببڕەو با لەگەڵتان بێم.. ل١٩).
* (ڕەهبەر جەلال)ی هونەرمەندی شێوەکار کە لەدەرەوەش هەموو ژیانی کردبووە تێکۆشان لەپێناوی ناساندنی کوردو کوردستان..
* حەسەن حەیران، لەشۆڕشی ئەیلولدا وەك هونەرمەندێکی پێشمەرگە، بەحەیرانە حەماسەت ئامێزەکانی، لەکاتی شەڕو پێکداداندا، ورەی دەدا بەر پێشمەرگەو خورتری دەکردن...
* گرفتار کاکەیی کاریکاتێریست و سەباح ڕەنجدەرو سامان دزەییو.. تاد.

سەراج، لەگۆشەیەك لەگۆشەکانی (ونگە)دا، ڕەواییەك دەداتە ئەو ماڵبات و لاوە کوردانەی کە لەساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٠)دا، کوردستانیان بەجێهێشتووەو پێی وایە، (بێ هۆ نیە لاوە خوێن گەرمەکان هەڵدێن و مل بەنادیارەوە دەنێن! بێ پەنهان نیە، کە ناو سکی کۆسەج و نەهەنگ و جلەیان پێ باشترە لەتانووبتەندیو تەلّدڕکەی خۆماڵی، بێ سڕ نیە، کە ڕەقبوونەوەی دامێنی چیاکانیان لەکن پەسەندترە لەچاوەڕوانیو خۆ کوژی.. ل١٦).

**هەر سەراج خۆی، کە بەهۆی نامۆبوون و پچڕان لەنیشتمان، تووشی گرفتی (دەردە نیشتمان) بووە، بەلاّم پێی وایە، (هەست بەمرۆڤایەتی کردن لێرەو.. زیندانە رۆحیەکەی ئەوێندەرێ بەراوورد دەکەم. وشەکانم لێرە بەکامی دڵیان باڵدەگرن و.. لەوێ باڵیان هەڵدەکروزێ، یان کەویان دەکەن و باڵیان دەقرتێنن.. ژوورەکەم بەسانتیمەترو قولانج و بست و پێو هەنگاو، تەسکە، بەلاّم دونیای بەرین و بەر بەتاکی خۆزگەکانمە.. ل٩٧. لەترسی کاتموسەوتی ڕیش پانەکانی، (کاولاش)م بەجێ هێشت.. بوومە مەهدیی چاوەڕوان کراو.. ئەو زاتە لەترسی شمشێر خۆی کوتایە سارداوێکی تاریکەوە، منیش چوومە سەهۆڵستانێکی سپی سپییەوە.. ل٩٨).**

**ئەو موبەریرانە، هاندەرێکی سەرەکین بۆ هەڵبژاردنی ئەو ژینگە نامۆیە.. (ونگە)، ونگەی هەموو ئاوارەو خەڵکە دەر پەرێنراوەکانی سەرجەم جیهانە.. ئاوێنەیەکی بالاّ نومای کوردەو هەموو ڕەوەندێکی کورد -پەیوەست بەکوردستان- وێنەی خۆی تێدا دەبینێتەوە.. رۆژ ژمێری کەیوان، ڕۆژ ژمێری من و تۆی ئاوارەیە.. کۆژانی ئەوو ئەوانی ولاّتە.. خۆزگە، ئەو ئاسمانەی ئەوێش (کوردستان)، وەك ئاسمانی ئێرە فراوان دەبوو و، بەبێ جیاوازی رەنگ و توخم، جێگای فڕینی هەموو باڵندەکانی لێ دەبۆوە.. خۆزگە ئێمەش، ئەو جورئەتەی (کەیوان)مان دەبوو، بێ سڵ کردنەوە، دەمانتوانی ڕازەکانمان بدرکێنین و گرێیەکانی دەروونە کلۆم دراوەکانمان بکەینەوەو...**

## ( ڕێگای ئازادی ) :

# یەکەم ڕۆژنامەی دوای ڕاپەڕین بوو

ئاشکرا کردن و پێزانینی سەرهەڵدان و سەرەتای هەر دیاردەو بابەتێك، گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی.. کەس نییە حەز نەکات بزانێت یەکەم شەهیدی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، لەباشووری کوردستان کێ بووەو کەی شەهید بووە؟ یان یەکەم تەقە کەیو کێ لەدوژمنی (رژێمی بەعس)ی کردووە؟ یەکەم داستانی پێشمەرگە لەکوێو کەی بووە؟!

دیارە لای میللەتانی پێشکەوتوو، بەدەیان وتارو بابەت لەسەر ئەو مەسەلانە دەنووسن و گرنگییەکی تایبەتی پێدەدەن و دەشبێتە بابەتی گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوەو زێتر ڕۆچوون بەناخی بابەتەکەدا... وەلێ مخابن، لای خۆمان ئەو مەسەلانە بەهەند هەڵنەگیراون.. ڕۆژنامەگەریی کوردیش یەکێکە لەو لایەنە فەرامۆشکراوانەی کەبایەخی شیاوی خۆی پێنەدراوە... دەیان بڵاوکراوەو ڕۆژنامە لەئەشکەوت و کونە شاخان، بەئامێری سادەو سەرەتاییو بەهەوڵی تاکە کەسێك یان چەند کەسانێك دەرچووینە، کەچی ئێمەمانان بێخەبەرین و بەهەوڵی ئەو ڕۆژنامەنووسە

کۆشـشکارانه نـازانین.. جاروبـار لـەدوو تـوێی یاداشـتنامەی سـەرکردەیەك یـان پێشمەرگەیەك، بەشێوەیەکی کەم بایەخ و لاوەکی، تەنها وەك سـەرە قەڵـەم ئـاوڕی لێدراوەتەوەو باسکراوە.. ئەم ورووژاندنە، با هانـدانێك بێـت بـۆ کەسـانی ئاگـادارو شـارەزا، تالایـەك لـەم لایەنـە هەسـتیارەی مێـژووی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی نەتەوەکەمان بکەنەوە.

هەر لەم بوارەوە دەمەوێت شتێکی تر ئیزافە بکەم و بیخەمە بەر باس و لێدوان، کە ئەوەندە هەڵدەگرێت خۆی پێوە خەریك بکرێت و بەدواداچوونی لەسەر بکرێـت، ئەویش دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردییە لەدوای ڕاپەڕیندا، نەك بەو تێگەیـشتن (مفهوم)ەی ڕۆژنامەی ڕۆژانە....

(ڕێگای ئازادی)، ئۆرگانی ناوەندی حزبی سوسیالیستی کوردستان بوو.. شەرەفی یەکەم ڕۆژنامەی دوای ڕاپەڕینی پێبڕا. وەك درێژە پێـدەری شـاخ، ئـەمجارەیان ژمـارە (٧٠)ی لەدوای ڕاپەڕین و لەشاری هەولێر بەقەبارەی گەورەو تیراژی زۆر لەچاپخانە دەرچوو.. ئەم ڕۆژنامەیە، بەیەکەم ڕۆژنامەی کوردی دوای ڕاپەڕین لەقەڵەم دەدرێت، بەو حیسابەی:

١-لەڕووی چاپ و فۆنت و هونەری نەخشەسازییەوە، پێش ئەم ڕۆژنامەیە، شتی تـر دەرنەچووە.

٢-بەقەبارەیەکی گەورەی (A٣)، ڕۆژنامەی ئاسایی دەرچووە.

٣-بەتیراژی (٦) هەزار دانەی لێ چاپکراوە.

٤-بەشێوەیەکی ئاشکراو بەرفراوان کەوتە بەرچاوی جەماوەرو لەسەر شۆسـتەکاندا دەفرۆشرا، کە تا ئەو کاتـە، تـەنها بلاوکراوەکـانی سـەر بـەڕژێم وەك (الثـورة، الجمهورية، القادسية، العراق، بابل، الف باء..) لەبازاڕدا، دەفرۆشران.

٥ -لەچاپخانەیەکی گەورەی حکومی بەتوانا لەکوردستاندا وەك چاپخانەی (وەزارەتی پەروەردە- هەولێر) چاپکراو لەقاوغی تایبی دەست و ڕۆنیۆو فۆتۆکۆپیو کاغەزی فۆلسکاب (A٤) دەرچوو.

٦ -هەر هەمان ژمارەی، سێ جاران چاپکرایەوەو بەکاتێکی کەم لەبازاڕدا نەما، نەك لەبەر بەپێزی بابەتەکانی، بەڵکو لەبەر:

- ئەوەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەرهەڵستکار بوو، بەئاشکرا لەناو هەموو چین و توێژەکان بلاّوکرایەوە.

- ناوەڕۆکی بابەتەکانی لەسەر پرۆسەی دانووستاندن و ڕاپەڕین بوو، کە ئەو کات خەڵك تینووی زانینی ئەو هەوالاّنە بوو.

٧ -لەحوزەیرانی ١٩٩١دا، هیچ ڕۆژنامەیەك کەخاوەنی ئەو سیفاتانە بێت نەکەوتبووە بازاڕ.

ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی)، بەهەوڵ و کۆششی برایانی ڕۆژنامەنووس کاك (شێرزاد شێخانیو عەبدوڵلاّ قەرەداغی) دەرچوو. بۆ ئەوێ سەردەمێ، دەنگ و سەدای تایبەتی خۆی هەبوو. یەکەم جار بوو لەڕۆژنامەگەریی کوردی نووسراودا، بەشێوەیەکی ئاشکراو بەرفراوان، سەرکردەکانی (بەرەی کوردستانی) لەسەر دانووستاندن بۆ جەماوەر بدوێن. هەر لەم ژمارەیەدا، (ڕەسوول مامەند)ی سکرتێری حزبی سۆسیالیستی کوردستان، کە ئەندامێکی دووەم شاندی بەرەی کوردستانی بوو، لەدیمانەیەکی بەرفراواندا، بێ ئومێدی خۆی لەبەڵێنەکانی ڕژێم و درێژەپێدانی دانووستاندن، ڕاگەیاند.. ئەو گوتی: (درێژبوونەوەی ووتووێژ بەقازانجی هیچ لایەك نازانم). هەر ئەم بڕگەیەی دیمانەکەش ببووە مانشێتی ڕۆژنامەکە..

دەبێت ئەوەش بگوترێ، هەر لەهەفتەی یەکەمی دوای ڕزگـارکردنی هــەولێردا کۆششێکی زۆرکرا بۆ دەرچوونی (ڕێگای ئازادی) بەشێوەی فراوان و ئاشـکرا.. ئــەم هەولەش بەدەستپێشخەری مامۆستا (سەعد عەبدوڵلا) بەرپرســی یەکــەمی لقــی هەولێری حزبی سوسیالیست بوو.. لە ١٧ یان ١٨/٣/١٩٩١، لـەبارەگای حــزب لەهەولێر کۆبوونەوەیەکی پێکــردین. ئێمــە بریتــی بــووین لــە، (ئاســۆ حەســەن، ئیسماعیل تەنیا، دارا عومەر، کاوە محەمەد ئەمین، برزۆ عەلی هــەژار، شـێرکۆ). لەکۆبوونەوەکەدا، جەختی لەسەر بەمەدەنی کردنی شارو گۆڕینی بارودۆخەکە کردو گوتی: (..باهەوڵ بدەین، ئەم زەمینە عەسکەرتارییە بگۆڕین و گرنگی بەڕاگەیاندن بدەین و ڕێگای ئازادی دەربکەین... ئێمە لەم بگرەو بەردەو دیــاردە عەســکەرتارییە بێزارین..). ئەو کاتە خەڵك هەر خەریکی تەقەکردن و شەڕو چەك هەڵگرتن و فڕکە فڕکی سەیارەو تالانکردنی دەزگا حکومیــەکان بــوون. دەزگــا خزمەتگوزارییــەکان لەکار کەوتبوون، هەر شەقام و کۆلانێکت دەدیت، ببووە زبڵدان، کەس لەخەمی پاك و خاوێنی شاردا نەبوو.. خەڵکەکەش ناهەقی نەبوو، چونکە زۆر تینــووی ئــازادیو نەمانی ڕژێم بوو، کە ئەو کاتە هێــشتاکە مەترســییەکی گــەورە بــوو.. هێــشتاکە (کەرکوك)یش ئازاد نەکرابوو.. ئەوەی لەبیرم مابێت، مامۆستا سەعد گوتی: (..من سەروتارو هەندێك بابەتی سیاسی دەنووسم..)

من، دوو بابەتم ئامــادە کــرد، یــەکیان قۆناغــەکانی ڕاپــەڕین و ئــەوی تریــان دیمانەیەك بوو لەگەڵ خەڵك.. لەدیمانەکــەدا، چــەند پرســیارێکم ئاڕاســتەکردبوون، لەهەر چین و توێژێك کەسێکم هەڵبژاردبوو. کەسەکان بریتی بوون لە، (نووســەرێك ئەفسەرێکی گەڕاوەی کورد، زیندانییەك، دایکە شەهیدێك، پێشمەرگەیەکی شــاخ، کاسـبکارێك، یــەکێك لــەو ســەربازە عەرەبــە دیلانــەی کــە لەهــەولێر بــەئازادی

دەسووڕانەوە) بابەتەکەی (کاوە محەمەد ئەمین) بریتی بوو لەپاك و خاوێن ڕاگرتنی شارو بەگەڕ خستنەوەی دام و دەزگا خزمەتگوزارییەکان.. کاك ئاسۆو ئەوانی تریش هەر کەسەو چەند بابەتێکیان ئامادە کردبوو.. بابەتەکان، لەماوەی هەفتەیەکدا کۆکرانەوەو درانە دەست کاك (برزۆ عەلی هەژار) پێشتر لەچاپخانە کاری کردبوو و لەم ڕووەوە شارەزایی هەبوو... ئێمە لەچاوەڕوانی دەرچوونیدا بووین، کۆڕەوی بەسەردا هات بابەتەکانی (ڕێگا)ش ونبوون و سەریان تیاچوو..

دانووستاندن دەستی پێکردوو خەڵك وردە وردە گەڕانەوە شارەکان و بنکە حزبییەکان بەفراوانی کرانەوە.. ڕۆژێکی مانگی تشرینی دووەم بوو، ئێمە لەچاپخانەی (مەچکۆ) دانیشتبووین، (شێرزاد شێخانی) بەباوەشێك ڕۆژنامە خۆی کرد بەچاپخانەو سەرو دانەی پێشکەش کردین. بەمجۆرە ژمارە (٧٠)ی ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی) لەتشرینی یەکەمی ١٩٩١ بە (٨) لاپەڕەی ڕۆژنامەی ئاسایی دەرچوو بووە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی دوای ڕاپەڕین.


دەبێ ئەوەش بگوترێ، یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە، دوای کۆنگرەی حزب لە ١٢-١٥/٥/١٩٨١)، لەڕێکەوتی ٢٥/٥/١٩٨١دا، لەناوچەی مەنگوڕایەتیدا دەرچوو. تا ژمارە (٧٦) هەر بەناوی (ڕێگای ئازادی)یەوە دەرچوو. دوای یەکگرتنی هەر سێ حزبەکە، (حزبی سوسیالیستی کوردستان، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، پارتی سەربەخۆیی کوردستان) ڕۆژنامەکە وەستاو ڕۆژنامەیەکی نوێ بەناوی (یەکگرتن)، بووە زمانحاڵی ئەم حزبە نوێیە. دوای کۆنگرەی یەکگرتنی هەر سێ حزبەکە، باڵێکی حزبی سوسیالیست بەسەرکردایەتی سکرتێری حزب لەکۆنگرە دەرچوو و دووبارە درێژە پێدانی حزبی سوسیالیستی ڕاگەیاند. دوو ژمارەی تریش، واتە ژمارە (٧٧، ٧٨) لەڕێگای ئازادی دەرچوو. دواتر، پاش ئەوەی لەگەڵ (یەکێتی

نیشتمانی کوردستان) یەکیان گرتەوە، ڕۆژنامەکە لەکار وەستا.. پاش یەکگرتنی (حزبی یەکگرتن و پارتی دیموکراتی کوردستان)یش، دووبارە کۆمەڵێك خەڵکی تر بەسەرکردایەتی (محەمەدی حاجی محمود) لەو یەکگرتنە دەرچوون و لەکۆنگرەیەکدا -کە ئەوان ناویان نابوو کۆنگرەی دووەمی ڕێکخستنەوەی حزب- لەهۆڵی میدیا لەشاری هەولێر لە ١٥-١٩/١١/١٩٩٤دا، بڕیاری گۆڕینی ئۆرگانی حزب لە (ڕێگای ئازادی)یەوە بۆ (ڕێبازی ئازادی) درا. ئێستاکە (ڕێبازی ئازادی) بەردەوامبوونی (ڕێگای ئازادی)یەو یەکەم ژمارەی لە ٤/١٢/١٩٩٤ لەهەولێر دەرچووە.

# پەراوێزێك بۆ یەك دوو لاپەڕەی
# (چێشتی مجێور)

لەدنیای غەریبیی‌و دوور لەزێدو مەفتەن، کتێب و بڵاوکراوەی کوردی، بەزەحمەت گەرماو گەرم دەگاتە دەستمان. دوا کتێب کە خوێندوومەتەوە، کتێبی (چێشتی مجێور)ی مام (هەژار)ی خوا لێخۆشبووە.

ئەم کتێبە (٥٨١) لاپەڕەیەو چاپی یەکەمی لەپاریس ساڵی ١٩٩٧ دەرچووە. کاك (خانی شەرەفکەندی)، ئامادەو سەرپەرشتی چاپی کردووە.. کەبریتییە لەبەسەرهات و بیرەوەرییەکانی مام هەژار. نووسەر لەدوو توێی باسکردنی بیرەوەرییەکانیدا، پەل و پۆی بۆ زۆر لایەن هاویشتووەو، زۆر لایەنی پووش بەسەری ئاشکرا کردووەو کەسایەتیەکی زۆری سیاسیی‌و ناوەندی ئەدەبیشی گرتۆتەوە. لەپاش خوێندنەوەدا، خوێنەری وریاو بەسەلیقە، دەتوانێت زۆر سەرە باس و بابەتی لێ هەڵێنجێنێ.. زۆر ڕووداوو سەربردەش کە لەناواخنی کتێبەکەدا جێی خۆیان کردۆتەوە ئەوەندە هەڵدەگرێ هەڵوەستەیان لەسەر بکرێ.... ئەوەی لەم کات و شوێنە مەبەستی منە، هەڵوەستەکردنە لەسەر چەند کەسایەتییەکی ناسراو، نەك بەمەبەستی پارێزەری، بەڵکو وەك پەراوێزێك بۆ ناساندنی دیوە هەقیقییەکەی ئەو




کەسایەتییانە.. پێم وایە، لەبیرەوەرییەکانی مام هەژاردا، غەدریان لێکراوەو هەقی خۆیان پێنەدراوە.

مام هەژار، لەلاپەڕە (٣٦٠)دا، زۆر زۆر دادەبەزێتە سەر (بەشیر موشیر) و ئەوەندە بچووکی دەکاتەوە تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی پێی دەڵێ: (... ئەحمەقێکی خوێن شیرین بوو.) بەشیر موشیر، لەزەمانی ئێمەماناندا نەبووە... ئەوەندەی ناسیوویشمانە لەرێگای ئەو بابەت و پەراوێزو باسە جۆربەجۆرانە بووە کە نووسەران باسیان لێوەکردووە، کە بەباشەو مرۆڤێکی نەتەوە پەرست باسکراوە.. هاتووچۆکەرانی دوکانەکەی، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەوەندە تامەزرۆی قسەو نوکتەکانین، ئاهو

حەسرەت بۆ ئەو ڕۆژانە هەڵدەکێشن.. هەق وایە دەروێشەکانی، ئەوانەی مۆخی (بەشیر)یان دەناسی، لەسەری هەڵدەنیو دامێنێك بۆ ئەو لاپەڕەیە بنووسن و زێتر بەنەوەی نوێی بناسێنن....

(مام هەژار) لەلاپەڕە (٥٢٠-٥٢٢)دا، باسی کەسایەتییەکی ناسراوی بوارەکانی سیاسیو ڕۆشنبیریو ئاشتی گەورەی کورد وەك شەهید (ساڵح یوسفی) دەکات، کە لەهیچ پەرەگرافێکدا دانی خێری پێدا نانێت و پێم وایە، بەم تەرزە کوتکردنەی، غەدرێکی گەورەی لێکراوە... ئەگەر ئێمەمانان لەنزیکەوە (بەشیر)مان نەناسیبێ، خۆ سەیدا (یوسفی) باش دەناسین، چ لەرێگای نووسینەکانی بێت، یان ئەوەتانە لەرێگای کارو کردەوەو هەڵوێستەکانی دا بێت...

مام هەژار دەڵێ: (زۆر کابرایەکی دڵسادەو ئەحمەقۆکە بوو، هەر بۆ خاتری دووجار گیرانەکەی بوو کرا بەهەیئەتی گفتوگۆ دەگەڵ بەعسی.. ل٥٢١) ئەگەر (یوسفی)، هەر لەبەر خاترو خۆتری گیرانەکەی ئەم کارەیان پێسپاردبێ، خۆ هەزاران کەسی تری ناو شۆڕش بەپلەو پایەی بەرزیش هەبوون وەك سەیدا زیندانی دیدە... بەقسەی مام هەژار، جگە لەسەیدا نابێ کەسی تر ئەم خاترەی گیرا بێت. مام هەژار لەسەری دەڕوات و دەڵێت: (... جارێك حیسابمان کرد سیو شەش کاری گرنگی شۆڕشی لەبەغدا لەئەستۆ بوو، یەك لەوانە، تەنزیمی کوردی بەغدا بوو کە ڕەنگە سەد هەزار ماڵ ببێ.. ل٥٢١).

پێم وایە، ئەگەر یوسفی شایانی ئەو جێگاو کار سپاردنە نەبووایە، هەرگیز خوا لێخۆشبوو، (بارزانی) و سەرکردایەتی ئەو کاتی شۆڕش، ئەم هەموو کارەیان پێنەدەسپارد، ئەوە خۆی لەخۆیدا گەورەییو لێوەشاوەیی سەیدا دەگەیەنێت..

مام هەژار لەدوو لاپەڕەدا،٬ ئەوەندە دادەبەزێتە سەر ئـەم کەسـایەتییە ناسـراوە تاڕادەی هەندێك پەرەگراف لەنزمیدا شایەنی تۆمار کردنی ئەدەبی نـین.. هـەر بـۆ نموونە، (...باشی دەزانی دەم لەعـەرەبان پـان کاتـەوە.. کلکـە سـووتە بکـا.. زۆر کابرایەکی دڵسادەو ئەحمەقۆکە بوو.. مەڕی پێغەمبەر بوو.. نەمدەکردە گوێلکەوانی دێ.. ئەم ئەحمەقە تەواوی ماوەی شۆڕش هەمیشە کاری زۆر گرنگی بەدەست بووە..).

سەیدا بەقسەی مام (هەژار)یش بێت، لەشۆڕشی ئەیلولدا زۆر کارو لێپرسراوێتی لەئەستۆ گرتبوو... لەگەڵ پاشگەزبوونەوەی بەعسیش لەو بەڵێنانەی کە بەکوردی دا بوو، سەیدا ڕێگای بەرەنگاریو شاخی گرتەبەر، تا کۆتا بـوونی قۆنـاغی شۆڕشـی ئەیلول...

پاش قۆنـاغی کارەسـاتیش، وەك دەیـان لێپرسـراوی گـەورەی بـواری سیاسـیو پێشمەرگایەتی، ڕێگای گەڕانـەوەی هەڵبـژارد... ئـەو تێکۆشـەرە گەڕاوانـە، پـاش ماوەیەکی یەکجار کەم، نەخشەو پلانی شـۆڕش و سـەرهەڵدانێکی نوێیـان لـەناو جەماوەری دڵشکاوو ورە دابەزیوی کۆمەڵگای کوردەواری داڕشـت.... زۆرن ئەوانـەی وەك سەیدا گەڕانەوەو دووبارە تێهەڵچوونەوە... هەر بۆ نموونـە، شـەهیدان، (عـەلی عەسکەری، دکتۆر خالید، عەلی هەژار، کاردۆ گەلاڵی، ئـارام، سـەعدی گـچکە، تاهیری عەلی والیو..) دەیان و سەدان کەسی تر، کە لەشۆڕشی نوێی گەلەکەماندا، بەپلەی شەهادەت گەیشتن...

مام هەژار، گەڕانەوەی (سەیدا) بەهەنجەتێك دەزانێت بۆ ئەوەی لەپلەو پایەی کەم بکاتەوە.. خۆ مەرج نییە ئەوەی گەڕابێتەوە عێراق ئیدی بۆ دەست لەخۆ بـەردان و پاکانەو تۆبە کردن هاتبێتەوە.. دەیان کاربەدەست و لێپرسراوی گـەورەی حزبـەکانی ئێـستاشمان، پـاش ئـەم کارەسـاتە گەڕانـەوەو، لـەناو جـەماوەرەوە، دووبـارە بـۆ

سەرهەڵدانێکی تر خۆیان ئامادە کرد... (سەیدا)ش هەر هاتەوە بەغدا، لەسەر ڕێبازێکی تازەو نوێدا دەستی بەکارو چالاکی سیاسی کردەوە، ئەگەر کەمزان و ساویلکەو پیاوی ڕۆژو مەنسەب پەرست بووایە بێ (کلکە سووتە!!) کاری زۆر بەرز لەئاستی وەزیری ڕژێم بەلێنیان پێدابوو، بەلاّم ئەو ڕەتی دەکردەوە...

سەیدا ئەوەندە بەوەفا بوو بۆ نەتەوەو مێژووی خەباتەکەی، کە هاتەوە، نەچووە سەر ڕادیۆو تەلەفزیۆن پاکانە بۆ خۆی بکات.. یەك دێڕیش چییە لەمبارەیەوە، بلاّوینەکردەوە.. لەو بەڵگەنامانەی ئێستاش لەبەر دەستن، چ بەنووسراویان دەسخەتی خۆی، یان بیرەوەرییەکانی هاوڕێو دۆستانی کە بەشێکیان زیندوون و ئەوە دەسەلمێنن کەشەهید یوسفی، بە هەقیقەت، چرایەکی تر بوو لەو دەیان چرایەی کە لەناو دڵی جەماوەری دڵشکاوو ساردەوەبووی کورد، دڕیان بەتاریکیو تارماییەکانی تێکشکان و خۆ بەدەستەوەدان داو، مەشخەڵی شۆڕشێکی نوێیان هەڵگیرساند...

(سەیدا)، بەم تەمەنە لەناو (بزووتنەوەی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان) جێی خۆی کردەوەو پەرەی بەخەباتی نەپساوە دا... ڕژێم حسێبێکی تایبەتی بۆ دەکرد، هەر بۆیەش هەڵسوکەوتی خستبووە ژێر کۆنترۆڵ، تا بەنامەیەکی لوغم کراو لەڕۆژی ٢٥/٦/١٩٨١ شەهیدیان کرد.. ئەوەندەش هەڵدەگرێ کە بە (مامۆستای پایە بەرز شەهید لەتاریخدا -وەك مام هەژار بەگاڵتە پێکردنەوە دەنووسێ-) ناوزەد بکرێ.. نازانم بەبۆچوونی مام هەژار ئەگەر سەیدا شەهیدی ڕێگای کوردایەتی نەبێت، ئەدی کێ شەهیدە؟!

پاش خوێندنەوەی بەدیقەتی سەرلەبەری (چێشتی مجێور)ی مام هەژار، وەك بیرەوەریو یاداشتەکانی تەواوی نووسەرو سیاسەتمەدارانی کورد، گەیشتمە ئەو قەناعەتە، مام هەژار لەبواری وەزیفەو کار گرتنە دەستدا لەململانێدا بووە، کەخۆی

ڕەتی دەکاتەوە.. یەکێك لەو کەسانەش سەیدا بووە کەچاوی پێی هەڵنەهاتووە هەردەم لەژیانیدا لەگەڵی تەریب بووە.. هەر بۆیەش یەك لایەنی چاکەشی، بازۆر بچووکیش بێت، مام هەژار باسی ناکات و خۆی لەقەرەی نادات.. ئەم شێوە نووسین و بیرەوەرییانەش لەباس و لێکۆڵینەوەی زانستیدا ناکرێ پشتیان پێببەسترێ.

ئەوەی گوتم، تەنها چەند سەرەقەڵەمێك بوو وەك پەراوێزێك و ڕوونکردنەوە، بۆ یەك دوو لاپەڕەی (چێشتی مجێور) هیوادارم غەدرم لەکەس نەکردبی‌و بەلای هیچ کەسێکیشدا دامنەسەنگاندبێ.. پێش هەموو شتێکیش (مام هەژار) هێندە لای من گەورەیە بەقەد (شەرەفنامەو هەنبانە بۆرینە).. بەچاو پۆشینیش لەم ڕوونکردنانەوەی سەرەوە ویژدانم ئازارم دەدات..

دواجار، چەپکێ گوڵی ڕێزو وەفاداری بۆ سەر گۆڕی مام هەژاری نووسەرو (ساڵح یوسفی) سیاسەتمەدارو شەهید....